# باباتاهیری هەمەدانی موسوڵمان بوو

د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان

لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمەوە، لەناو خوێندەواری کورد ئاریشەیەک، یان چەند ئاریشەیەک لەبارەی (باباتاهیری هەمەدانی)یەوە سەریان هەڵداوە، بگرەوبەردەیەکی زۆر گۆڕەپانی لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکانی گرتووەتەوە.

کۆمەڵێک پرسیار لەم ڕووەوە سەریان هەڵداوە، لەوانەش: ئایا باباتاهیر موسوڵمان بووە، یان یارسان؟ ئەگەر موسوڵمان بووبێت، سوننە بووە، یان شیعە؟ ئایا کورد، یان فارس، یان لوڕ بووە؟

نابێت لێکۆڵەر هەرچی لە کتێبەکاندا نووسرا باوەڕیان پێ بێنێ، دەبێت بۆ بڕیاردانی هەموو بۆچوونەکانی پشت بە بەڵگەی سەلمێنراو ببەستێت، نابێت توێژەر تەنبەڵ بێت و نەتوانێت بەدوای ڕاستییەکاندا بگەڕێت و خوا خوای بێت لەنزیکەوە شتێکی دەست کەوێت و خۆی لە لێکۆڵینەوەی زانستی بدزێتەوە.

توێژەر بۆ زانینی باوەڕی هەر نووسەرێک پێویستە پشت بە ژیان و بەرهەم و سەرچاوەکان ببەستێت. ژیانی نووسەر و شاعیرانی کورد بەگشتی کەمی لێ زانراوە و سەردەمەکانیان ڕوون نییە، لەکاتی خۆیاندا کەمیان لەسەر نووسراوە و خۆشیان لەم لایەنەوە کەمتەرخەم بوونە.

لەبارەی سەرچاوەکانەوە پێویستە بزانرێت ئایا ئەو زانیارییانە لە چ دەستنووس و کتێبێکەوە وەرگیراون؟ متمانەیان پێ دەکرێ، یان نا؟ دەمێنێتەوە سەر بەرهەمی نووسەر، یان شاعیرەکە، ئەوکاتە توێژەر مافی خۆیەتی کە بە وردی لە بەرهەمەکان بکۆڵێتەوە و ڕاستیی پرسەکان دەربخات.

بەم دوا دواییە برای نووسەر بەڕێز (هەیاس کاکەیی) لە گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٣٢٢) لە (٢٠٢٤/٨/٥) بابەتێکی وەک پرسیار ورووژاندووە، بەناوی (ئایا باباتاهیری هەمەدانی یارسانی بوو؟). ئەوەی ڕاستی بێت نووسینەکە هەمان زانیارییەکانی پێشووی دووبارە کردووەتەوە، بێجگە لە وەرگرتنی دوو دەق لە یەک گۆڤار کە هەردووکیان دژی یەکدین. بۆ ڕاستیی قسەکەم بفەرموون هەردوو دەقەکەتان بۆ دەنووسم.

**دەقی یەکەم:** عادل محەمەدپوور لە گۆڤاری لوڕ ژمارە (٢)، ل١٧١ دەڵێت: ((باباتاهیر چەند شیعری بە زوانی کوردی هەورامی بۆ

ڕوونکردنەوەی ئایینی یارسان هۆنیوەتەوە و ناردوونی بۆ یارانی ئەهلی حەقیقەت (ئەهلی حەق)، بەڵام نەیتوانیوە بە ڕوون و ئاشکرا لەنێو چوارینەکانیدا بیروباوەڕی خۆی دەربخات)).

**دەقی دووەم:** ئەکرەم میهرداد لە هەمان گۆڤار لە لا (٦٥)دا دەڵێت: ((باباتاهیر کۆنترین و بەناوبانگترین شاعیری دێرینی کورد و ئێرانە و هیچ کەس لەو دلێرانەتر و بێ پەرواتر لە ڕێگەی شیعر و شاعیردا ڕێوان نەبووە)).


ئەم دوو دەقە پێچەوانەی یەکدین، لە دەقی یەکەم نەیتوانیوە بەڕوونی بیروباوەڕی دەربڕێت، لە دەقی دووەمیشدا بوێرانە و دلێرانەیە، ئەوجا ئەگەر بوێرانە بووە و یارسان بووە، بۆچی بیروباوەڕی خۆی دەرنەبڕیوە، خۆ سۆفی لەخوا نەبێت، ترسی لە کەس نییە.

لە شوێنێکی دی نووسەر چەند دووبەیتییەکی بابای هێناوەتەوە، کەچی هێمای یارسانیی تێدا بەدی ناکرێت، لەم نیوە بەیتەدا (یاگیک دوڕ دی هەنی دەریا نەبود یار)، لێرەدا ئەو یارە خودایە، چونکە پێش ئەفراندن کەوتووە، یار لای باباتاهیر (ڕابەر و پێغەمبەر و خودایە)، بێجگە لەمە ئەو سەرچاوەیەشی دەستنیشان نەکردووە کە لێی وەرگرتووە.

لە کۆتاییدا نووسەر پێی وایە کە (باباتاهیر خۆی بە دۆست و موریدی شاخۆشین دەزانێت)، لە حاڵێکدا (د.مارف خەزنەدار لە مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، لاپەڕە ١٨٨دا، دەڵێت: شاخۆشین پێنج ساڵ دوای مردنی باباتاهیر لەدایک بووە و مەسەلەی چوونی شاخۆشین بۆ هەمەدان و بینینی باباتاهیر لەوێ بە ئەفسانە دەزانێ).

لەبەر ئەوەی نووسینەکانم کە بریتین لە سێ کتێب و باسێک: لەگەڵ بۆچوونی برای نووسەر ناگونجێت، هیچ ئاماژەیەکی پێ نەکردوون.

ئێستا نۆرەی ئەوە هاتووە کە وەڵامی ناونیشانی



باباتاهیری هەمەدانی

نووسینەکەم بدەمەوە بەپشت بەستن بە بەرهەمەکانی باباتاهیری هەمەدانی.

**دیوانە شیعرەکەی باباتاهیر:**

لێرەدا دەچینەوە سەر ئەو باسەی کە لە ساڵی (١٩٩٧) لە گۆڤاری زانکۆی سەڵاحەددین مرۆڤایەتی لە سێیەمین کۆنگرەی زانستی بەناوی (لەبارەی بیروباوەڕ و سۆفیگەریی باباتاهیری هەمەدانی)یەوە بڵاوبووەتەوە.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا چەندان دووبەیتیی باباتاهیرم هێناوەتەوە کە ئاماژەن بە ئایەتەکانی قورئان و لێرەدا بۆ سەلماندنی ئەوەی کە باباتاهیر موسوڵمان بووە، هەندێک لەو دووبەیتانە دەخەینە بەرچاوی خوێنەران.

١) لەم دووبەیتەدا ئاماژە بەچوار ئایەت کراوە: لەبارەی بیرو.....،ل٩.

دلا غافل زسوبحانی چ حاسڵ: وهم عن الاخرة هم غافلون / الروم / ٧.

موتیعی نەفس و شەیتانی چ حاسڵ: ان النفس لأمارة بالسوء / یوسف / ٥٣.

بووە و دقەدری تو ئەفزوون ئەز مەلایک: واذ

قلنا للملائكة اسجدوا لأدم / طه/١١٦.
تو قەدری خود نەمیدانی چ حاسڵ: ولقد كرمنا بنی ادم..../ الاسراء / ٧٠.
واتای دوو بەیتەکە:
**ئەی دڵ کە لەخوا خافڵی چیت بەدەست کەوتووە؟**
**کە گوێڕایەڵی نەفس و شەیتانی چیت حاسڵ کردووە؟**
**خۆ پلەوپایەی تۆ لە فریشتەکان زیاترە**
**کە قەدروپایەی خۆت نازانی، چیت وەدەست هێناوە؟**
٢) لەم دوو بەیتەشدا ئاماژە بە سێ ئایەت کراوە: لەبارەی بیرو........، ل١٠.
مو ئەز(قالوبلی) تەشویش دیرم: قال الست بربكم قالوا بلی / الاعراف / ١٧٢.
گونەه ئەز بەرگ و باروون بیش دیدم
ئەگەر (لاتقنطوا) دەستم نەگیرەد:..... اسرفوا علی انفسهم لاتقنطوا من رحمة الله/ الزمر / ٥٣.
موئەز (یاویلتا) ئەندیش دیرم: یاویلتا لیتنی لم اتخذ فلانا خلیلا / الفرقان / ٢٨.

**واتای دوو بەیتەکە:**
من لەو ڕۆژە سەرم سوڕماوە کە خوا بەگیانەکانی فەرموو: من خوای ئێوەم؟ گوتیان بەڵێ گوناهەکانم لەگەڵای دارو دڵۆپی باران زۆرترە.
ئەگەر ئایەتی نائومێد مەبن لە ڕەحمی خوا بەهانامەوە نەیە
پەشیمانی دەمگرێ لەو ڕۆژەی کە دەڵێم: خۆزگە هاوڕێیەتی ئەو تاوانبارەم نەکردایە.
٣) لەم بەیتەدا ئاماژەی بەدوو ئایەت کردووە: لەبارەی بیرو.........، ل١٠.
چوفەردا نامەخواهان نامە خوانەند: اذ يتلقى المتلقيان عن اليمين و عن الشمال قعيد / ق١٧
موئەز خەجلەت سەری دەرپیش دیرم: واما من اوتی كتابه بشماله / الحاقة / ٢٥.
واتای بەیتەکە:
کە بەیانی نامە خوێنەکان نامە دەخوێننەوە
من لەشەرمەزارییان سەر شۆڕم
٤) لەم بەیتەدا دووبارە دوو ئایەت دووبارە دەبنەوە: لەبارەی بیرو........،ل١١.
هەنی (لاتقنطوا) خوانی عەزیزم: لاتقنطوا من رحمة الله...... / الزمر / ٥٣.
مەگەر (یاویلتا) ناخواندەنی بی: یاویلتا لیتنی لم اتخذ فلانا خلیلا / الفرقان / ٢٨.
واتای بەیتەکە:
ئازیزم دەڵێی ئایەتی (نائومێد مەبن)ت نەخوێندووەتەوە.
دەڵێی ئایەتی هاوڕێیەتی نەکردنی خراپەکارت نەخوێندووەتەوە.
٥) لەم بەیتە سۆفییانەدا هێمای بۆ دوو ئایەت کردووە: لەبارەی بیرو......، ل١٢.
جودا ئەزتوو بەخولدو حوورو توویا: هل ادلك علی شجرة الخلد...../ طه / ١٢٠.
ئەگەر خودسەنکەردم کافرەستم: وحور عين كامثال اللؤلؤ...../ الواقعة / ٢٢- ٢٣.

واتای بەیتەکە:
خودایە لە بەهەشت ئەگەر نەمری و حۆری و داری توویام بوێ، بێجگە لەتۆ ئەوە کافرم، واتە لەبەهەشت تەنیا خوای دەوێت.
ئایەتی دی زۆرن و هەر هێندە نموونەی دووبەیتییەکان دەهێنرێنەوە، نەخۆ تووشی قەڵەم درێژی بین.
بێجگە لە ئاماژەکردنی باباتاهیر بە ئایەتەکان، لەم بەیتەدا خۆی بە کەمترین خزمەتکاری محەممەد پێغەمبەر(د.خ) دادەنێت:
**منم تاهیر کە دەر خوونابە تۆشی**
**محەممەدرا کەمینە چاکیرەستم**

لەبارەی بیرو، ل١٣

لــە شــوێنێکی دیکــەدا خۆزگــە بــەو کەســانە دەخوازێت، کە نوێژدەکەن و خەریکی فاتیحە و قــول هوەڵــلا خوێندنن و خــودا یاریانە و بەهەشت بازاڕیانــە:

**خۆشا ئانان کە ئەڵلا یارشان بی**

**کە حەمد و(قل هوالله) کارشان بی**

**خۆ ئاشانان کە دایم دەر نەمازەند**

**بەهەشتی جاوێدان بازاڕشان بی**

لێرەدا ئاماژەیــە بــۆ ئایەتــی یەکەمــی فاتیحــە و (الحمداللــە) ئایەتــی یەکەمــی ســوورەتی ئیخــلاس (قــل هــو اللــە احــد). جــا دەبێــت کــێ بێــت ئینــکاری موســوڵمان بوونــی باباتاهیــر بــکات، مەگــەر ئــەو کەســەی لەســەر (بشــفرێ هــەر بزنــە) بێــت.

ئــەو نموونــە شــیعرییانەی بــاس کــران لــە دووبەیتەکانــی باباتاهیــر وەرگیــراون، کــە وەحیــدی دەســتگردی چاپــی کــردوون. ئێســتاش بــەرەو ئــەو ئایــەت و فەرموودانــە دەچــم کــە لــە (کلمــات قصــار)ەکەیــدا هــەن.

ا) ئایەتەکانی قورئان لە (کلمات قصار)دا:

١- ئاماژەکردن بە ئایەتەکان.

٢- ڕاستەوخۆ ئایەتەکان.

ب) فەرموودەکانــی پێغەمبــەر (د.خ) لــە (کلمات قصار)دا.

**أ- ئاماژەکردن بــە ئایەتــەکان:** لــەم کتێبــەدا لــە (٣٨) گوتــە ئامــاژە بــە ئایەتــی قورئــان کــراوە و تەنیــا ئامــاژە بــە پێنــج نموونــە دەکرێــت:

١ - گوتــەی بیســتەمین ((اســتعمال العلــم بالجهــل غــرور، وبالعلــم حقیقــة وبالمعرفــة وجــود)) باباتاهیرنامــە،ل٥٢.

واتــە: کارکــردن بەزانســتی دیــار و ئاگانەبــوون لــە زانســتی نادیــار مــرۆڤ تووشــی بوغرابــوون دەکات، بەتایبەتــی ئەگــەر کارەکــە دووربــوو لــە دڵســۆزی... ئاماژەیــە بــەم ئایەتــە ((ومــا امــروا الا لیعبــدوا اللــە مخلصیــن لــە الدیــن)) البینــة/٥.

٢- گوتــەی پەنجــا و نۆیەمیــن ((اهــل العقــول اهــل الدرجــات، واهــل العلــوم اهــل الفضائــل والحســنات، واهــل المعرفــة اهل الحرمــة والکرامات)) باباتاهیرنامــە، ل٥٤.

واتــە: هۆشــمەندان خــاوەن پلــەی بــاڵان، ئەوانەی زانســتیان زیاترە چاکە و پاداشــت و کردەوەکانیان زیاتــرە... ئاماژەیــە بــەم ئایەتــە (مــن جــاء بالحســنة فلــه عشــر امثالهــا)) الأنعــام/١٦٠.

٣- گوتــەی ســەد و چــل و چوارەمیــن ((الاغذیــة ثلاثــە: غــذاء النفس وهــو الطعــام، وغــذاء الــروح وهــو الســماح وغــذاء القلب وهــو الذکــر)) باباتاهیرنامە/٥٦.

واتــە: خــۆراک ســێ جــۆرە: خۆراکــی نەفــس خواردەمەنییــە، خۆراکــی گیــان گوێگرتنــە، خۆراکی دڵ یادکردنــەوەی خوایــە. ئاماژەیــە بــەم ئایەتــە ((الا بذکــر اللــه تطمئــن القلــوب)) الرعــد/٢٨.

٤- گوتەی دووسەد و سێیەمین ((من اراد العلم تســلی بالطلــب ومــن اراد الحقیقــة تســلی بالعطب ومــن اراد الحــق تســلی بالهــرب)) باباتاهیرنامە،٥٨

واتــە: ئــەوەی داوای زانســت بــکات دڵشــاد دەبێــت، ئــەوەی داوای حەقیقــەت بــکات بــەو گرفتانــەی دێنــە ڕێــی ئاددەبێــت، ئــەوەی لــە ویســتنی حەقدابێت بەهەڵاتــن لــە خەڵــک دڵخۆش دەبێــت. ئاماژەیــە بــەم ئایەتــە ((ففــررت منکــم لمــا خفتکــم فوهــب لــی ربــي حکمــا)) الشــعراء/٢١.

٥- گوتــەی ســێ ســەد و دووەمین ((اول المحبة أوســطها ســهو، واخرهــا زهــو)) باباتاهیرنامــە، ل٦٢.

واتە: ســەرەتای خۆشەویستی یارییــە، ناوەندەکەی فەرامۆشــییە، کۆتاییەکەی سەرسوڕمان و شــانازییە. ئاماژەیــە بــە ئایەتــی (انمــا الحیــاة الدنیــا لعب ولهو) الحدید/٢٠.

نموونــەی دیکــە بــۆ ئــەم لایەنــە گەلێــک زۆرە و ئەمــە تەنیــا مشــتیکە لــە خەرێــک.

**ب- ڕاستەوخۆ ئایەتەکان:**

باباتاهیـر له (كلمـات قصـار)دا لـه چـوار گوتـه ڕاسـتەوخۆ ئایەتەكانـی قورئانـی تێهەڵكێشـی گوتـەكان كـردووه و تەنانـەت لـە گوتەكەیـدا سـێ ئایـەت هەیـە ئەمـەش نموونەكانـە:

١- گوتـەی سـەدەمین ((الحقيقـة المشـاهدة بعد اليقيـن وذلـك قولـه تعالـى- افمـن كان علـى بينـة مـن ربـه ويتلـوه شـاهد منـه)) باباتاهیرنامـه/٦٥.

واتـە: حەقیقـەت بینینێكـە دوای زانیـن (علـم اليقيـن) پەیـدا دەبێـت، ئایـا كەسـێك لـە لایـەن خـواوه بەڵگەداربێـت و دوای ئـەوه هـەم بـە حەقیقـەت چـاوی پـێ بكەوێـت (عيـن اليقيـن) وەك ئـەو كەسـەیە كـە ئـەو پلەوپایـەی نەبێـت؟ ئایەتەكـە بریتییـە لەمـە ((افمـن كان علـى بينـة مـن ربـه ويتلـوه شـاهد منـه)) هـود/١٧.

٢- گوتـەی سـەد و نۆزدەهـەم ((من وصل الى الماء وصل الى الحياة، وقال الله تعالى ((وجعلنا من الماء كل شيئ حي)) ومن ركب البحر للتلف والضـر قـال تعالـى ((ثـم اذا مسـكم الضـر فـي البحـر ضـل مـن تدعـون الا إيـاه)) الاسـراء / ٧٨. ومن وقـع وفي البحر الغرق والتلف، قال تعالى ((فـإذا خفت عليـه فألقيـه فـي اليـم)) القصـص/٧. باباتاهیرنامـه، ل٦٥.

ئـەم گوتەیـە سـێ بەشـە و هـەر بەشـێكیان سـەر بـە ئایەتێكـە و ئایەتەكـە ڕوونـی كردووەتـەوه:

واتـە: ئـەوەی گەیشـتە ئـاو، گەیشـتە ژیـان، ئـەوەی مەلـەی لەدەریاكرد، یـان سـواری دەریابـوو خـۆی تووشـی فەوتـان دەكات، ئـەوەی كەوتـە نـاو دەریـا دەخنكـێ و لەناودەچێـت.

٣- گوتـەی سـەد و شەسـت و یەكـەم: ((مـراد اللـه مـن جميـع العبـد الذكـر ونفـي النسـيان و الغفلـة، فـلا لصـلاة بذكـره يتـم وهـو أول التعبـد فلايتـم التعبد الا بالذكر، قال تعالى ((اقـم الصـلاة لذكـري)) طـه،١/ باباتاهیرنامـه، ل٦٥.

واتـە: مەبەسـتی خودا لە پەرستنەكان یادكردنەوەی خـواو نەبوونـی خافڵەتییـە، نوێـژ لەگـەڵ یادكردنەوەی خـودا كامـڵ دەبێـت، هـەروەك دەفەرموێـت (ئـەی موحەممـەد بـۆ یادكردنـەوەم نوێـژ بكـە).

٤- گوتەی سێ سـەد و هەشـتایەمین ((التصوف كالريـح العقيـم ماتـذر مـن شـيئ اتـت عليـه الا جعلتـه كالرميـم)) باباتاهیرنامه، ل٦٦.

واتـە: سـۆفیگەری وەك بایەكـی نەزۆكـە بەسـەر هەمـوو شـتێكدا بـڕوا، دەیكاتـە عەمبارەسـۆت و لەنـاو دەچێـت. ئایەتەكە بریتییـە لـە ((ماتـذر مـن شـيئ اتـت عليـه الا جعلتـه كالرميـم)) الذاريات/٤٢.

بـەم جـۆره باباتاهیـر لـە (٣٨) گوتـەدا ئامـاژەی بـە ئایەتـەكان كـردووه و لە (٤) گوتـەدا ئایەتەكانی خسـتووەتە نـاو گوتەكانیـەوه و مەزراندوویەتـی. ئەمـەش كارێكـی بەڵگـە نەویسـتە كـە باباتاهیـر موسـوڵمان بـووه.

ب) فەرموودەكانـی پێغەمبـەر (د.خ) لـە (كلمات قصـار)دا:

باباتاهیـر لـە (كلمـات قصـار)دا لـە یـازده گوتـەدا ئامـاژەی بـە فەرمـوودەی پێغەمبـەر (د.خ) كـردووه، لێرەدا تەنیـا پێنـج گوتـە تۆمـار دەكرێـن:

١) گوتـەی بیسـت و شەشـەمین ((العلـم اختبـار، والحقيقـة اختيـار والمجاهـدة افتقـار)) باباتاهیرنامـە، ل٦٦.

واتـە: زانسـتی دیاری شـەرعی بـۆ تاقیكردنەوەیە، حەقیقـەت كـە لـە موشـاهدە و دەركەوتنـی سـیفەتەكانی جوانیـی حـەق پەیـدا دەبێـت لـە هەڵبژاردنـی خواییەوەیـە، لـە گوتـەی — المجاهـدة افتقـار — بەنـده پەنـا دەباتـە بـەر خـودا كـە نەفسـی لـە شـەیتان بپارێزێـت، ئەمـەش ئاماژەیـە بـەم فەرمـوودەی پێغەمبـەر(د.خ):

((اللهـم ات نفسـي تقواهـا وزكهـا انـت وليهـا ومولاهـا)) فيـض القديـر، ج٢،ص١٥٣.

٢) گوتـەی سـەد و شەشـەم ((العلـم تحيـر والوجـد تذكـر والحقيقـة تفكـر)) باباتاهیرنامـە، ل٦٧.

واتـە: زانسـت لەبـەر ئـەوەی بەجوانـی واقیـع

ڕوون ناکاتەوە دەبێتە هۆی سەرسوڕمان، وەجد لەبەر ئەوەی جێگیر نییە، بۆیە وەجددار یادی حاڵەتەکانی وەجدی (کەشفی حاڵەتێکە لەنێوان بەندەو خودا) دەکاتەوە، ئەوەی کە حەقیقەتدارەو سەیری حەق دەکات، ئەویش بیر لە دڵبینینی خۆی دەکاتەوە. ئەمە ئاماژەیە بەم فەرموودەیە (تفکروا فی خلق الله ولاتفکروا فی ذاتە) فیض القدیر، ج١، ص٢٦٣.

٣) گوتەی سەد و چل و شەشەم: (الذکر ثواب الذاکر)) باباتاهیرنامە، ل٦٨.

واتە: یادکردنەوەی خودا بۆ بەندەی خۆی پاداشتی یادکردنەوەی بەندەیە بۆ خودای خۆی. ئەم گوتەیە ئاماژەیە بە فەرموودەیەکی قودسی کە پێغەمبەر (د.خ) لەسەر زاری خودا دەیگێڕێتەوە، ئەمەش فەرموودەکەیە: (من ذکرني في نفسه ذکرته في نفسي، من ذکرني في ملأ ذکرته في ملأ خیر من ملأه) التاج، ج٥، ص٨٦.

واتە: ئەو کەسەی لە نەفسی خۆی یادم بکاتەوە، منیش لە نەفسی خۆم یادی دەکەمەوە، ئەوەی لەناو کۆمەڵێک یادم بکاتەوە، منیش لەناو کۆمەڵێکی باشتر لە کۆمەڵی ئەو یادی دەکەمەوە.

٤) گوتەی دووسەد و هەشتا و سێیەم: (من کان للخلق فهو في الجملة معموم، ومن کان الحق لە فی الجملة مخصوص) باباتاهیرنامە، ل٦٨.

واتە: کەسێ بۆ حەق خۆی بێگەرد ڕاگرێت لە یارمەتیی خودا بەهرەمەند دەبێت، کەسێک حەق بۆ ئەو بێ لە کۆمەڵەی هەڵبژاردەکان دەبێت. ئاماژەیە بەم گوتەی پێغەمبەر (د.خ): (من کان للە کان اللە لە، احیاء علوم الدین، الغزالي).

٥) گوتەی سێ سەد و شەست و یەکەم (من تجرد بظاهره جرد لە باطنە) باباتاهیرنامە، ل٦٨.

واتە: هەر کەسێک خۆی دوورە پەرێزکرد لە بینینی کردەوەکانی خۆی، خودا دەروونی ئەو کەسە لەبینینی ئەو دوورە پەرێزییە پاک و بێگەرد دەکاتەوە، ئەمەش ئاماژەیە بەم فەرموودەیە (من أصلح اللە بر انیتە، أصلح اللە جر انیتە) شرح احوال واثار دوبیتهای باباطاهر عریان، ص٦٨٦. باباتاهیر لە بەیتێکدا هاواری موسڵمانان دەکات و دەردی دڵی خۆی هەڵدەڕێژێت، کە تووشی سێ دەرد بووە، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی هانا ناباتە بەر یارسانەکان تا چارەی بکەن و بەشداری خەمەکانی بن:

**موسوڵمانان سێ دەرد ئامەد بەیەک بار**

**غەریبی و ئەسیری و غەمی یار**

ڕاڤەی دوو بەیتەکانی باباتاهیر، د. ابراهیم احمد شوان، ل٣١.

دوای ئەوەی ڕوون بووەوە کە باباتاهیری هەمەدانی لە هەردوو بەرهەمەکانی (دووبەیتەکان، گوتە کورتەکان) پەنای بردووەتە بەر ئایەتەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ)، نووسەر پەردە لەسەر ئەو ئاریشەیە لادەبات و دەیسەلمێنێت کە ناوبراو موسوڵمانە و سەر بەهیچ ئایینێک، یان مەزهەبێکی نا ئیسلامی نییە و ئەوانەی پێیان وایە کە لە یارسەکانە و دۆستی شاخۆشین بووە، هیچ بەڵگەیەکی باوەڕ پێکراویان لەبەر دەست نییە و ڕوون کرایەوە، کە شاخۆشین پێنج ساڵ دوای مردنی باباتاهیر لەدایک بووە.